# حوكمی شەرعی بەشداریكردن لە كۆمپانیاكانی دڵنیایی بازرگانی

﴿ حكم المشاركة في شركات التأمين التجارية ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چروستانی

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ حكم المشاركة في شركات التأمين التجارية ﴾

« باللغة الكردية »

حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# حوكمی شەرعی بەشداریكردن لە كۆمپانیاكانی دڵنیایی بازرگانی

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری بەبەزەیی ومیهرەبان ودرود ورەحمەتی بەلێزمە بۆ سەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وئال وبەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

یەكێك لەو بابەتانەی كە ماوەیەكە باس وخواستی هاتووەتە سەر ڕووپەڕی سایت و ڕۆژنامە وگۆڤارەكان ولێرە ولەوێ باسی لێ دەكرێت، مەسئەلەی گرێبەست وكۆمپانیاكانی دڵنیایی بازرگانی یە ، كەزۆربەی زۆری یاسا وڕێساكانی ووڵاتانی پێشكەتوو باسیان لێوە كردووە وكۆمەڵێك لە لێكۆڵەرەوانیش ئەسپی خۆیانیان تێدا تاوداوە ولەم بوارەدا باسی زۆریان نووسیوە و لەڕاستیشدا جیاوازیان لەنێواندا دروست بووە، بۆیە منیش حەزم كرد پوختەیەك لەم بارەیەوە لەچەند خاڵێكدا بخەمە بەردەم ئێوەی بەڕێز .

خاڵی یەكەم : پێناسە وهەقیقەتی گرێ بەستی دڵنیایی ( التأمين ) :

التأمين : لە زمانەوانیدا بە م شێوەیە هاتووە : مصدر أمَّن يؤمِّن مأخوذة من الاطمئنان الذي هو ضد الخوف ومن الأمانة التي هي ضد الخيانة (١) چاوگی فەرمانی دڵنیایی كردنەوەیە، دڵنیای دەكاتەوە كە لە مانای دڵنیاییەوە وەرگیراوە كە دژی مانای ترسە، وە لەمانای سپاردە وئەمانەت كە پێچەوانە ودژی خیانەتە وەرگیراوە .

لە زاراوە ( ئیصطلاح ) ی زانایان وپسپۆڕی یاسادا بەم مانایە هاتووە : بریتی یە لەو گرێبەستە دوو لایەنەی، كە بەپێی ئەم گرێبەستە یەكێك لەو دوولایەنە كەبریتیە لەو كۆمپانیایەی ( المُؤَمَّن ) كەدڵنیایی داوە بەلایەنی دووەمی پابەند دەبێت بەپێدانی ئەو پرە پارەیەی كە لە گرێبەستەكەدا

ڕێککەوتوون لەسەری، لەکاتی ڕوودانی هەر مەترسیەك یان زەرەر کردنێك، ئەمیش لەبەرامبەر ئەو بەشەی پارەیەی کە لایەنی دووەم واتە لایەنی (دڵنیاکراو = المُؤَمَّن لەُ ) دەیدات بەو کۆمپانیایەی کەلەسەرەتاوە لە گرێبەستەکەدا ڕێکەوتون لەسەری وپێی دەوترێت ( قسط التأمين ) (٢) .

لەڕوانگەی ئەم پێناسەوە کەپسپۆڕان وپاساناسان کردوویانە بۆ گرێبەستی ( التأمين التجاري= دڵنیایی بازرگانی ) دەبینین کە دیاریترین تایبەتمەندیەکانی ئەم گرێبەستە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە :

**یەکەم :** ئەم گرێبەستە گرێبەستێکی ئیلزامیە بۆ هەردوولایەنی گرێبەستەکە کەسی دڵنیاکراو ( المُؤَمَّن لەُ ) مولزەم دەبێت بەپێدانی ئەو پڕە پارەیەی کە ڕێکەووتن لەسەری لەگرێبەستەکەدا، لایەنی دووەمیش کە کۆمپانیاکەیە مولزەم دەبێت بەئەو پڕە پارەیەی کە لەکاتی ڕوودانی هەر مەترسیەکدا دەکەوێتە سەر کەسی یەکەمی دڵنیاکراو ( المُؤَمَّن لەُ ) .

**دووەم :** ئەم گرێبەستە ڕێکەوتنێکە لەنێوان هەردوو لایەنی (دڵنیاکراو= المُؤَمَّن لەُ ) و ( دڵنیاکەر = المُؤَمَّن ) دا دەکرێت، کەسی یەکەم ئەو پڕە پارەیە دەدات کە ڕێدەکەون لەسەری، لەبەرامبەریشدا لایەنی دووەم ئامادەیە لەکاتی هەر ڕووداوێکی کتوپڕ ومەترسیدا تەئمینی کەسی یەکەم بکات و ئەو پڕە پارەی بۆ بدات کەدەکەوێتە سەری، بەم پێیەش ئەم گرێبەستە گرێ بەستێکی ڕیکەوتنە ( المفاوضة ) یە نەك گرێ بەستێکی بریتی وەرگرتن ( المعاوضة ) بێت، چونکە کەسی یەکەم پڕە پارەی خۆی دەدات، بەڵام پێ دەچێت لەو ماوەیەشدا هیچ ڕووداوێکی کتوپڕ ومەترسیداری تووش نەبێت .

**سێهەم :** ئەم گرێبەستە گرێبەستێکی بـــازرگانی یە، نەك گــرێبەستێکی هاریکـاری ( التعاوني )، چونکە کۆمپانیای دڵنیاکەر مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجە لەسەرەنجامی ئەو پڕە پارە کەڵەکە بووانە کە لە موشتەریەکانی وەریان دەگرێت .

## پەیدا بوون وسەرهەڵدانی ( التأمين التجاري )

سەرهەڵدانی یەکەمجاری ئەم شێوە مامەڵەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەیەمینی زاینی کاتێك ئەو کەشتیە بارهەڵگرانەی لەباکووری ووڵاتی ئیطالیاوە شمەك وکاڵایان هەڵدەگرت ولەکاتی هاتووچۆیاندا ڕووبەڕووی مەترسی سووتان و ژێرئاواکەوتن دەبوونەوە، هەر بۆیە خاوەن

کاڵاکان پڕێك پارەی دیاریکراویان دەدا ، بۆ ئەوەی هەرکـــاتێك ئەگەر کاڵاکـــەیان فـــەوتاو تیـاچوو پڕێك پارەی زیاتر وەربگرنەوە، بەم شێوەیە ( دڵنیایی بازرگانی = التأمین التجاري ) ووردە ووردە لەهەموو جیهاندا دەستی پێکرد و ڕەواجی پەیدا کرد ، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیە مەبەستمان ( التأمین التجاري ) یە نەهاتە ناو ووڵاتانی عەرەبیەوە هەتاوەکو سەدەی هەقدەهەم ، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە گوایە زانایان وفوقەهای ئیسلام باسیان لێوە نەکردووە، لەگەڵ ئەوەدا زانایان باسیان لەتەواوی ئەو پرگە وبابەتانە کردووە کە پەیوەندیان هەبووە بەژیانی ڕۆژانەیانەوە، بۆیە دەبینین زانایایەکی وەك ابن عابدینی حەنەفی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا ( رد المحتار علی درر المختار ) (٣)باسی لەم شێوەیە مامەڵەیەی کردوە بە ( سوکوە )(٤) ناوی بردووە .

بەڵام دواتر مامەڵە کردن بەم گرێبەستەوە گرێبەستی ( دڵنیایی بازرگانی = التأمین التجاري ) ووردە ووردە ڕووی لەزیاد بوون کرد وتاوەکو هەموو لایەن و بەشەکانی ئابووریی وغەیری ئابووریشی گرتەوە(٥) .

بەڵام حاڵی حازر هەندێك لەلێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە وای بۆ دەچن کە ئەم مامەڵەیە لەدونیای ئەمڕۆدا ووردە ووردە بەرەو کزبوون ولاواز بوون ونەمان دەڕوات، ئەویش لەبەر ئەوەی ووڵاتانی ڕۆژئاوا زۆرێکیان ڕوویان کردۆتە مامەڵە کردنی ( التأمین التعاوني ) کەپاشتر و لەهەڵقەیەکی تایبەتدا باسی لێوە دەکەین، چونکە ئێستا گەورەترین ڕێکخراو وکۆمپانیاکانی بورای ( التأمین ) لە ووڵاتێکی وەك سویسرا کۆمپانیای ( تعاوني ) ن، وەدیسـان بەپێی ئەو ئامـارەی لەوویلایەتە یەکگرتـووەکانی ئەمریکـا بۆ کۆمپانیاکـانی ( التأمین ) کراوە لەساڵی ١٩٧٠ زاینیدا دەریدەخات کە کۆمپانیاکانی ( التأمین التعاوني ) لە (٧٠%) ی چلاکیەکانی ئەم بوارەی گرتۆتەوە (٦) .

## حوکمی شەرعی گرێبەستی ( التأمین التجاري )

زانایان وپسپۆرانی بواری ئابووری ئیسلامی لەم مەسئەلەیەدا ڕای جیاوازیان هەیە هەندێکیان پێیان دروستە و زۆربەی زۆریشیان بەلایانەوە حەرام وپاساغە، ئێمە هەوڵدەدەین تا ئەوەندەی پێمان دەکرێت پوختەیەك بخەینە بەردەست خوێنەری بەڕێز :

**ڕای یەکەم :** ڕای زۆربەی زۆری زانایانە، کە بریتین لەهەریەك لە ابن عابیدین الحنفی(٧) و محمد بخیت المطیعي موفتی ووڵاتی میصر

کەلەساڵی -١٣٥٤ كۆچی- دوایی كردووە (٨) وشێخ محمد ڕەشید ڕەضا (٩) ومحمد أبو زهرة (١٠) وعبد الله القليقلي موفتیووڵاتی ئوردون (١١) و محمد أبو اليسر عابدين موفتی ووڵاتی سوریا (١٢) ودكتۆر صديق الضرير(١٣) وشێخی ئەزهەر الشيخ جاد الحق (١٤) وشێخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ گەورە زانای كۆچكردووی سعودیە (١٥) و كۆمەڵێك زانای تریش كە ماوەی ئەوەمان نیە ناوی هەر هەموویان بهێنین، هەروەها ئەمش ڕای هەر دوو مەجمەعە فیقهیەكەی كۆنگرەی ووڵاتانی ئیسلامی(١٦) و ڕابطەی جیهــانی ئیسلامی( ١٧) و هەیئەی گەورە زانایانی شانشینی عەرەبی سعودیەشە (١٨) كە پێیان وایە مامەڵەكردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی دڵنیایی بازرگانیدا حەرامە و دروست نیە بەشداری كردن تێیاندا .

بەڵگەكانیشیان بریتین لە :

**بەڵگەی یەكەم :** گرێبــەستی (دڵنیــایی بازرگانی=التأمين التجاري) گرێبــەستێكی گــۆڕینــەوە ( المعاوضة ) ی دوو لایەنەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نادیاری و غەرەری تێدایە، غەرەریش گرێبەستەكان فاسد و بەتاڵ دەكاتەوە، ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەبوهورەیرة ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : " نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – عن بيع الغرر " (١٩) واتە : پێغەمبەر– درودی خوای لەسەر بێت – قەدەغەی كردووە لە كڕین وفرۆشتنێك كە غەرەر و نادیاری تێدا بێت، قەدەغەكردنیش فەساد و بەتاڵی ئەو شتە دەگەیەنێت كە قەدەغەی لێكراوە .

غــەرەریــش ئــەوەیە كە دوودڵیەكی تێدا بێت لەنێوان بەدەستهێنان و لەدەست چووندا (٢٠) هەموو گرێبەستێكیش بنیاتنرا بێت لەسەر شتێكی ئیحتمال داری گومان تێدا بوو ئەوە بێگومان ئەوە خودی غەرەرو نادریاریە .

ئەو غەرەرەیشی كە كاریگەری هەیە ئەو غەرەرەیە كە لە گرێبەستە دوولایەنە مالیەكاندا دروست دەبێت، و ئەو غەرەرەش بەتەواوی زاڵ ببێت بەسەر گرێبەستەكەدا، بەشێوەیەك كە ئەو گرێبەستە هەر هەمووی بە نادیار و غەرەر وەصف بكرێت .

بێگومان گرێبەستی دڵنیایی بازرگانیش لەچەند لایەكی جیاجیاوە پراوپڕە لە غەرەر و نادیاری .

**با کەمێك ووردبینەوە لەم گرێبەستە :**

سەرنج دەدەین ئەوەی کە نادیارە و نازانرێت بەباشی دەست نیشان بکرێت ئەو شتەیە کە گرێبەستەکەی لەسەر گرێدراوە، ئەو پرە پارەیەی کە لەکاتی تووشهاتنی مەترسیەکدا دەدرێت بەو کەسەی کە مەترسیەکەی تووش هاتووە نادیارە و نازانرێت دەبێت چەندێکی پێ بدرێت، لەکاتی ڕوودانی مەترسیشدا پێ دەچێت کەمتر بێت لەو پرە پارەیەی کە موشتەری لەسەرەتاوە داویەتی بە کۆمپانیاکە، پێش دەچێت زۆر زۆر زیاتریش بێت، وە گەلێ جاریش لەو ماوەیەدا کە هەردوو لایان دیاریان کردوە موشتەریەکە هیچ مەترسیەکی تووش نایەت، هەروەها ئەو ماوەیەش دیاری نیە کە بریتی و عیوەضەکەی تێدا دەدرێت بەموشتەری کۆمپانیاکە، بۆیە تەماشا دەکەین لەچەن لایەکەوە نادیاری و غەرەری تێدایە، غەرەر ونادیاری لە دەستکەوتنی بریتی ئەو پرە پارەیەی کە لەسەرتاوە دراوە بەکۆمپانیاکە یان غەرەر و نادیاری لە وەصف و ماوەکەیدا، هەموو ئەمانە ئەو مەبەستە سەرەکیانەن کەپێویستە لەهەموو گرێبەستێکدا هەبێت، هەر گرێبەستێکیش خالَی بێتەوە لەم مەبەستانە ئەوە بێگومان گرێبەستێکی فاسد و نادروست و بەتاڵە .

**بەڵگەی دووەم :** خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) { المائدة: من الآية٩٠ } واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەرپڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لە هەردوو جیهاندا).

**المیسر :** واتە قومار، قوماریش بە دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزە حەرام و قەدەغەلێکراوە وواجبە هەموو باوەڕدارێك لێی دووربکەوێتەوە .

شێخ الإسلام ابن التیمیة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە پێناسەی قوماردا دەڵێت : " أخذ مال الإنسان وهو على مخاطرة هل يحصل له عوض أو لا يحصل "(٢١) واتە : بریتیە لە وەرگرتنی ماڵی خەڵکی بەشێوەیەك

كە ئەو كەسە ترسی ئەوەی هەبێت كە ئایا بریتی ئەو ماڵەی دەست دەكەوێتەوە یان دەستی ناكەوێتەوە .

ئەم وەصفەش بەپێی دان پێدانانی كەسانی یاسانایش لە گرێبەستی ( دڵنیایی بازرگانی = التأمين التجاري) دا هەیە، چونكە ئەو لایەنەی كە زەمانەتی مەترسیەكەی دەكەوێتە گەردنەوە كە بریتیە لە كۆمپانیاكە گرەو لەسەر ڕووداني مەترسیەكان دەكات، جا ئەگەر لەو ماوەیەی كە هەردوولایان دیاریان كردووە بۆ گرێبەستەكەیان هیچ ڕووداوێكی مەترسیدار ڕووی نەدا، ئەوە كۆمپانیاكە ئەو پرە پارەیە بۆخۆی دەبات كە لەسەرەتاوە موشتەریەكەی داویەتی پێی، خۆ ئەگەر مەترسیش ڕوویدا ئەوە كۆمپانیاكە گەلێك جار زۆر زیاتر دەدات لەقەرەبووكردنەوەی ئەو مەترسیەی كە تووشی موشتەریەكەی بووە، ئەمەش پراو پر ماناى گرەو و قوماركردن دەگەیەنێت . (٢٢)

**بەڵگەی سێهەم :** لەلایەكی ترەوە گرێبەســـتی دڵنیایی بازرگانی خـــۆی لەخۆیدا ( سوو =ربا ) یەكی دیــار و ئاشـــكرایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وورد ببینەوە لە پێنـــاسـەی ( دڵنیایی بازرگانی = التأمين التجارى ) ئەوە یاسا ناسەكان ئابەو شێویەیان پێناسە كردووە : (عقد يلتزم المؤمن بمقتضاه أن يؤدي إلى المؤمن له مبلغاً من المال ..... في نظير مقابل نقدي ... ) كەواتە موشتەری سەرەتا پرێك پارەی دیاریكراو دەدات بەو كۆمپانیایە لەپێناو ئەوەی لـــەبـــەرامبەردا پرێك پارە لە داهاتوودا وەربگرێتەوە ئەگەر هاتوو تووشی مەترسیەك بوو.

بەم پێیەش لەم كاتەدا گۆڕینەوەی پارە بەپارەیە بەبێ ئەوەی هەردوو پرە پارەكە وەك یەك وابن، هەروەها وەرگرتنیش كەدەبێت لەو مەجلیسەدا بێت رووی نەداوە، ئەمەش دەچێتە چوار چێوەی ( هەردوو جۆرەكەی سوو= ربا الفضل و ربا النسيئة ) وە .

**بەڵگەی چوارەم :** بەشداری كردن لە كۆمپانیاكانی دڵنیایی بازرگانیدا، جۆرێكە لەجۆرەكانی ماڵی خەڵك خواردن بەناهەق و بە باطل، خوای گەورەش قەدەغەی كردووە لە ئەنجامدانی وەها كارێك : (و لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ ...){ البقرة : ١٨٨}واتە : ماڵ و سەروەت و سامانی یەكتر مەخۆن بەناهەق و بەناڕەوا .

گومانی تێدا نیە ئەو كەسەی كە لەكاتی تووشهاتنی مەترسی و زەرەروزیانێكدا پرێك پارەی دیاریكراو، یان قەرەبووی زیانەكەی وەردەگریتەوە

لەو کۆمپانیایە، تەنها لەبەرامبەر ئەو برە پارەیە وەری دەگرێتەوە کە سەرەتا داویەتی بەکۆمپانیاکە، ئەو برە پارەیەش کە داویەتی زۆربەی جار زۆر کەمترە لەو برە پارەیەی کە لەقەرەبووی زیانەکەیدا وەری دەگریتەوە، بەمەش ئەم کەسە پارەیەکی زۆری وەرگرتوە لەبەرامبەر هیچ شتێکدا، بەواتایەکی تر کۆمپانیاکە لەپارەی ئەو بەشداربوانە دەدات بەم کەسە کە تووشی زیان نەهاتوون، ئەمەش بەئاشکرا ماڵی خەڵك خواردنە بەناهەق وبەناڕەوا، خۆ ئەگەر موشتەری تووشی هیچ کارەسات و زیانێك نەهات ئەوا کۆمپانیای خاوەن سەرمایە پارەی ئەو بەشداربووە بۆخۆی هەڵدەگرێتەوە بەبێ هیچ بەرامبەرێك، ئەمەش دیسان خواردنی ماڵی خەڵکیە بە ناهەق و ناڕەوا .

**ڕای دووەم :** ئەمەش ڕای کۆمەڵێك لەزانایانی سەردەمە لەوانەیش مصطفی الزرقا (٢٣) و علـي الخفيف (٢٤) و محمد يوسف موسى ( ٢٥) وعبد الوهاب خلاف (٢٦)، کە پێیان وایە بەشداریکردن لەم کۆمپانیایانەدا شتێکی مەشروع و ڕێگا پێدراو و دروستە.

بەڵگەی ئەم زانایانەش بریتیە لە کۆمەڵە قیاسێکی جۆرا وجۆر کە کردوویانە :

**بەڵگەی یەکەم :** قیاسی ئەم گرێبەستەیان کردۆتە سەر بابەتی ( العاقلة )(٢٧) چونکە عاقلە لەشەرعدا ئەو بارە قورسە ئەگرێتە ئەستۆی خۆی کە لەئەنجامی کووشتنێکی بەهەڵەدا ڕوو ئەدات کە بریتیە لە پێدانی خوێنی ئەو کوژراوە بە کەس وکارەکەی لەبری کەسی بکوژ، ئەمەش بەوەی کەسو کارەکەی ئەو برە پارەیە لەنێوخۆیاندا دابەش دەکەن و بەهەموویانەوە خوێنی ئەو کەسە کوژاروە دەدەن بۆ ئەوەی کۆڵی قوورسی کەسی تاوانبار سووك بکەن، کە بەهۆی ئەو موصیبەتە نەخوازاراوەوە هاتوەتە سەری، بەهەمان شێوەیش لە گرێبەستی دڵنیاییشدا هەر بەو شێوەیە بەهەموو بەشداربووەکانەوە هاریکاری کەسی توش بوو بەو زیانە دەکەن و ئەرکی سەرشانی سووك دەکەن (٢٨) .

ئەو زانایانەشی کە گرێبەستی دڵنیایی بازرگانیان پێی حەرام و نادروستە بەم شێوەیە موناقەشەی ئەم بەڵگەیەیان دەکەن :

١) عاقلە وخزم کەس وکار کاتێك خوێنی ئەو کەسە کوژراوە لەئەستۆ دەگرن لەبەر بوونی صیلەی ڕەحم و خۆشەویستی و عەطفێکە کە ئەم

هاوکاریە دەکەن لەنێوان ئەوان و ئەو کەسە موصیبەت لەدەست دەرچووەدا هەیە، ئەویش ئەگەر بە دانەوەی بێت لەپاشتر وەك قەرزێك یان بەبێ دانەوەی بێت، قیاسێکی لەم شێوەیە نادروستە چونکە لەگرێبەستی دڵنیایدا هیچ جۆرە صیلەی ڕەحم و ئیحسان وچاکەکاریەك نیە، بەڵکو تەنها مەبەست لێی بازرگانی کردن و بریتی وەرگرتنەوەیە لەکاتی زیان لێکەوتندا.

٢) عاقلە و خزم وکەس وکاری بکوژەکە بەپێی هەژاری و دەوڵەمەندییان پارەیان لێوەردەگیرێت ئەوەیان زۆر دەوڵەمەندە زۆرتری لێوەردەگیرێت ئەوەش لەو کەمتری هەیە کەمتری لێوەردەگیرێت ئەوەشی هەژارە وهیچی نیە هیچ نادات، بەپێچەوانەی گرێبەستی دڵنیاییەوە کە تەواوی بەشداربووەکان لەو کۆمپانیایە وەك یەك بڕی بەشداربونەکەیان دەدەن .

**بەڵگەی دووەم :** بەڵگەیەکی تریان بریتیە لە تەخریج کردن و دەرهێنانی حوکمی ئەم مەسئەلەیە لە سەر مەسئەلەی ضەمانی مەترسی ڕێگاوبان کە لەمەزهەبی حەنەفیدا دەقی لەبارەوە هاتوە بە دروستی و جائزی، وێناکردنیشی بەم شێوەیەیە : کەسێك بە کەسێکی تر دەڵێت بەم ڕێگادا بڕۆ هیچ مەترسی تێدا نیە و تووشی هەرشتێکیش بوویت ئەوا من ضەمانەتی هەموو زەرەرو زیانێکت دەکەم، جا ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بەقسەی کەسی دووەمی کرد و ملی ئەو ڕێگایەی گرتەبەر ولەڕێگادا دز وجەردە هاتنە ڕێگای و ڕووتیان کردەوە و هەموو کەل وپەل و پارەوپوڵەکەیان برد، ئەوا کەسی دووەم واتە : ئەوەی کەووتی من ضەمانەتی ڕێگاکە دەکەم دەبێت بەضامن و ئەو زەرەرو زیانە دەبژێرێت.

بەووتەی زانایانی ڕای دووەم : گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی (التأمين التجاري) وەك ئەم مەسئەلەیە وایە لەڕووی ضەمانەت کردنەکەیەوە، ئەو کۆمپانیایە دەبێت بە ضامنی کەسی بەشداربوو لەگەڵیدا، هەروەك چۆن ئەو کەسەی ووتی بەڕێبوارەکە تووشی هەر زیانێك بوویت من دەبم بە ضامنت (٢٩) .

زانایانی ڕای یەکەم موناقەشەی ئەم بەڵگەیەشیان بەم شێوەیە دەکەن :

١) جارێك دەبێت بزانین کە مەسئەلەی ضەمانەتکردنی مەترسی ڕێگا، پابەند بوون و ئلیتزامکردنی یەك لایەنەیە وهیچ گرێبەستێك بوونی نیە، بەڵام لەمەسئەلەی گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی (التأمين التجاري) دا

پابەندبوون و ئیلتزامکردن دوولایەنەیە و گرێبەستێك بوونی هەیە لەنێوان هەردوولایەنەکەدا کە موشتەری و کۆمپایناکەیە.

٢) ئەو ضەمانەتکردنەی ئێوە باسی دەکەن وقیاسی لەسەر دەکەن دەچێتە چوارچێوەی گرێبەستی بەخشینەوە ( عقود التبرعات ) وە کەمەبەست پێی چاکە و مەعروف کردنە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا نەك قازانجکردن، بەپێچەوانەی گرێبەستی دڵنیاییەوە کە گرێبەستێکی گۆڕینەوەی مالی یە ( عقود معاوضة مالية ) جالەبەر ئەوە ڕاست نیە قیاسکردنی ئەم گرێبەستە لەسەر مەسئەلەی ضەمانەتکردنی مەترسی ڕێگاوە کە ڕوونمان کردەوە .

٣) لەلایەکی ترەوە مەبەست لە مەسئەلەی ضەمانی ڕێگاوە ئەوەیە ئەو کەسەی دەڵێت دەبم بەضامن مەبەستی ئەوەیە بۆ کەسی بەرامبەر بسەلمێنیت کە ڕێگاکە بێ مەترسییە وهانی بدات کە هیچ نەترسێت و ڕێگای خۆی بگرێتەبەر، نەك تەنها مەبەستی ضەمانەتکردنەکە بێت، بەپێچەوانەی گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی (التأمين التجاري) ەوە کە کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ڕەها ( مطلق ) ئەوە بۆ موشتەریەکانیان دووپات دەکەنەوە کە ئەمان ضامنی هەموو زەرەروزیانێکن کە دێنە ڕێگایان ومەبەست لێی هاندان و کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕواکێیان نیە وەك لەمەسئـەلەی یەکەمدا هەستی پێ دەکرێت .

٤) لە مەسەئەلی یەکەمدا واتە : مەسئەلەی ضەمانەتی ڕێگاکەدا، ئەو کەسەی بووە بە ضامن هیچ قازانجێکی دەست ناکەوێت لەو ووتەیەی کە کردوویەتی، بەڵام لەگرێبەستی دڵنیاییدا لەکاتی تووش نەهاتنی مەترسیەکاندا ئەوا کۆمپانیا گرەوەکەی دەباتەوە، خۆ لەکاتی ڕوودان وتووشهاتنی مەترسیدا کەسی موشتەری گرەو دەباتەوە، گرەوێکیش کەلەوەو پێش هیچ لایەکیان ئەندازە وپرەکەیان نەزانیوە .

**بەڵگەی سێهەم :** قیاسکردنی گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی( التأمين التجاري ) لەسەر مەسئەلەی یاسای خانەنشینکردن و هاوشێوەکانی، ئەوەش بەوەی کە یاسای خانەنشینی گرێبەستێکی گۆڕێنەوەی دوولایەنەیە ( عقد المعاوضة ) یە، ئەویش لەسەر ئەوە بنیات نراوە هەموو فەرمانبەرێك مانگانە پرێکی کەم لە مووچەکەی دەپڕرێت بۆ ئەوەی لەکاتی خانەنشیکردنیدا بۆی صەرف بکرێتەوە لەڕێگای دابینکردنی مووچەیەکی دیاریکراو بەبێ دەوام کردن، ئەمەش وەك گرێبەستی دڵنیای بازرگانی

وایە، ئەویش بەوەی هەردوولایان بەشێوەیەکی بەش بەش و ( أقساط ) پڕێك پارە لە کەسی بەرامبەر وەردەگرن بۆ ئەوەی پاشتر قەرەبوویان بۆ بکەنەوە، وە بەسەرنج دانیش بۆمان دەردەکەوێت لە هەردوو لادا لە ( گرێبەستی دڵنیای و یاسای خانەنشین ) دا موشتەری و فەرمانبەرەکە نازانن کە چەند ( قیسط ) دەدەن وتا چ کاتێکیش بەردەوام دەبن، وە دیسان هیچ کەسیشیان نازانن کە لەکاتی قەرەبووکردنەوە و خانەنشینیکردندا چەندێك وەردەگرنەوە، چا پێدەچێت پڕێکی زیاتر لەو پارەیە کە دوایانە وەری بگرنەوە وەپێش دەچێت کەمتر وەربگرنەوە یان هەرهیچ وەرنەگرنەوە، بەڕای ئەم کۆمەڵە زانایە ئەگەر یاسای خانەنشین دروست بێت ئەوا گرێبەستی دڵنیایی بازرگانیش دروستە، واپێویست دەکات حوکمی هەردوولایان وەك یەك بێت (٣٠) .

موناقشەی ئەم بەڵگەیەشیان بەوە کراوە ،کە دەڵێن : بەهیچ شێوەیەك ئەو موچەیەی کە فەرمانبەر لەکاتی خانەنشینکردنیدا وەری دەگرێت قەرەبووی ئەو پڕە پارەیە نیە کە کاتی خۆی مانگانە لێی بڕاوە، بەڵکو مووچەی خانەنشینی موکافەئەیەکە و حکومەت ئیلتزامی پێوە دەکات ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە بەرپرس ولێپسراوی تەواوی هاووڵاتیەکانیەتی و وەك وەفایەك بۆ خزمەتی ئەو فەرمانبەرە کە لەکاتی گەنجیەتی ولاویەتیدا خزمەتی بەووڵاتەکەی کردووە، جێگای ئەوەیە حوکمەتیش لەکاتی خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرەدا وەفای هەبێت بۆ ئەم هاوڵاتیە کە لەکاتی پیرێتیدا تووانای ئەوەی نەماوە خزمەت بکات، جا لەبەر ئەوە دەبێت بزانین یاسای خانەنشیینی گرێبەستێکی گۆڕینەوەی دولایەنە نیە لەنێوان حکومەت و فەرمانبەردا کە لەسەر بنەمای بازرگانی و قازانجکردن کرا بێت .

ئەمە و ئەو زانایانەی کە پێیان وایە گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی دروستە قیاسی ئەم گرێبەستەی دەکەنە سەر کۆمەڵە بابەتێکی تر کە هەر هەموویان لەم خولگەیەدا دەخولێنەوە کە قیاسەکانیان قیاسێکی وەك زانایانی ئوصول دەڵێن ( قیاس مع الفارق ) واتە قیاسێکە کە لەچەند ڕوویەکەوە لەیەکتر ناکەن بۆیە بەڵگەکانیان لەلایەن زانایانی ڕای یەکەمەوە بەناردوست لەقەڵەم دەدرێت .

**ڕای پەسەند :** لەکۆتای وپاش لێکدانەوە و گەڵاڵەکردنی بەڵگەی هەردوولا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ڕای یەکەم پەسەندە، ئەویش ئەوەیە

که گرێبەستی دڵنیایی بازرگانی گرێبەستێکی دروست نیە و حەرامە و دەچێتە چوار چێوەی گرێبەستە قەدەغەکراوەکانەوە ،ئەویش لەبەر بەهێزی بەڵگەکانیان کەهەڵێنجانێکی دروستیان کردوە لە قورئان وسوننەتی سەحیحەوە، لەبەرامبەریشدا ڕای دووەم بەڵگەکانیان بنیاتنراوە لە سەر چەند قیاسێك کە بنەماکانی قیاسی ڕاست ودروستیان تێدانیە، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ڕای یەکەم پاڵپشتی ڕاکانیان بە دەقەکانی قورئان وفەرموودەی سەحیح و کۆمەڵە بنەمایەکی بنەڕەتی دەبەستن کە تەواوی زانایان کۆدەنگن لەسەر وەرگرتن و کارپێکردنی، هەروەها (التأمین التجاري) وەك هەستی پێکراوە هیچ بەرژەوەندیەکی غالبی کۆمەڵگەی تێدا نیە (٣١)، بەڵکو هەموو ئەنجامەکەی بەوە کۆتایی دێت کە کۆڵ قورسی مەترس ڕووداوەکان لەسەر شانی چەند کەسێك دەگوازێتەوە بۆ سەر ئەستۆ و شانی کۆمەڵێکی تر، ئەمەش کۆمەڵگە هیچ سوودمەندێك نابێت لێی (٣٢) بەڵکو بەپێچەوانەشەوە مەترسیەکی زۆریشی هەیە بۆ سەر ئابووری وڵات، ئەویش لەو ڕووە وە کە کۆمەڵێك کۆمپانیای بازرگانی کە لەچەند سەرمایەدارێك پێك دێن دەست دەگرن بەسەر بازاڕ و هێزی پاشەکەوت کردنی هاوڵاتیاندا که بە ئارەزوو وویستی خۆیان چۆنیان بوێت ئاواهی ئاڕاستەی دەکەن، هەر لەبەر ئەم هۆیە کۆمەڵێك وڵات ناچاربوون کە کۆمپانیاکانی دڵنیایی بازرگانی خۆماڵی بکەن و بیکەنەوە بە موڵکی دەوڵەت (٣٣) .

## هەڵوێستەیەکی پێویست وگرنگ :

لەکۆتایدا مەسەئەلەیەك هەیە پێویستە باسی بکەین ئەویش ئەوەیە : ئایا ئەگەر مامەڵەیەکی دروست و حەڵاڵ گرێدرا و بەمەرج گیرا بە بەشداری کردن لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی بازرگانیدا، ئایا حوکمی مامەڵەی یەکەم واتە مامەڵە دروستەکەش نادروست وحەرام دەبێت، وەك ئەوەی ئێستا لەکوردستان کە وەرگرتنی قەرزی خانووبەرە بەستراوە بە بەشداری کردن لە کۆمپانیایەکی دڵنیایی بازرگانیدا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو ئەو هاووڵاتیە نەیتوانی لەژیانی خۆیدا قەرزرەکانی حکومەت بداتەوە ئەوکاتە کۆمپاینیا دڵنیاییەکە قەرزەرکانی بۆ ئەداتەوە؟

پێوستە بزانین سوپاس بۆ خوای گەورە حکومەتی هەرێمی کوردستان ( فائدة = سوودی ) ی سەر قەرزی خانووبەرەی هەڵگرت، ئەو پرە پارە کەمەیشی وەردەگیرێت وەك زانایانی کوردستان ڕوونیان کردەوە، دەچێتە

چورا چێوەی ڕسومات و عمولة و لەبری ئەو ماندووبون و مەصروفاتەیە کە حکومەت دەیکات لەئاسانکاری وەرگرتنی ئەو قەرزەدا، بۆیە وەرگرتنی قەرزی خانووبەرە خۆی لەخۆیدا هیچ کێشە و گومان ودوودڵیەکی تێدا نیە وحەڵاڵ و دروستە .

وە سەبارەت بەگرێدانی وەرگرتنی قەرزی خانووبەرە بە بەشداریکردن لەیەکێك لەکۆمپانیاکانی دڵنیایی بازرگانی، ئەوا لەوەڵامدا دەڵێین : حوکمی ئەم مەسئەلەیە دەقاودەق حـوکمی بەزۆر بەشداری کردنی هەیە لە کۆمپانیـــاکانی دڵنیایی بازرگــــانیدا ( التأمين الإجباري )، هەروەك زانایانی سەردەم لەفەتواکانیاندا ڕوونیان کردۆتەوە لەو زانایانەش : شێخ محمد بن صالح العثيمين و شێخ عبد الله ابن جبرين و شێخ محمد رمضان البوطي وشێخ محمد بن صالح المنجد و شێخ سليمان بن ناصر العلوان و کۆمەڵێکی تریش : **کە پێیان وایە ئەگەر هاووڵاتی ناچار کرا بە بەشداریکردن لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی بازرگانیدا ئەوە دەچێتە چوار چێوەی زەرورەت و ناچاریەوە، و کەسی بەشدار بوو هیچ تاوان و گوناهی ناگات و ڕیگا پێدراوە ئەو مامەڵەیە بکات .**

-ئەمەش دەقی فەتواکەی سليمان بن ناصر العلوان کە دەڵێت : " والذين يُكرهون على هذا التأمين - والإكراه معتبر في هذه المسألة بمجرد العقوبة - فإنهم يترخصون بالدفع ولا إثم عليهم ، ومن صبر واحتسب وضن عليهم بالمــال ونأى بنفســه عن مواقع الحرام ، فهذا أزكى عند الله وأبر، والله أعلم " .

-هەروەها ئەمەش دەقی فەتواکەی شێخ عثيمينە : " قد يقول قائل إذا ابتليت بهذا الأمر فقدمت إلى بلد أو كنت في بلد يرغموني على هذا التأمين فماذا أصنع؟ هل أعطل سيارتي واستأجر أم ماذا أصنع؟

أقول في هذا إنه إذا أرغمت على هــذا التأمين فلا حرج عليك أن تدفع ما أرغمت عليه ..... "

-دەقی فەتواکەی محمد رمضان البوطي : " التأمين الإجباري، نوع من أنواع الضريبة. يدفعها التاجر ولا يتحمل من جراء ذلك أي وزر.. "

-دەقی فەتواکەی شێخ المنجد : " التأمين التجاري محرم بجميع صوره، فإن أجبر عليه الإنسان جاز له الدخول فيه ، والإثم على من أجبره".

لەکۆتایدا  داواکارم خوای گەورە ئەم کارەی لێ قبوڵ کردبین و پاشان توانیبێتیشمان بەپێی پێویست خوێنەری کورد زومان ئاشنا بکەین بەم بابەتە سەردەمیانە .
والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

## پەراوێزەکان

١) مختار الصحاح (ص٢٦)مادة ( أ م ن) ، المنجد الأبجدي ص ٢٢٣ .

٢) معجم المصطلحات الاقتصادية نزيه حماد (ص ١٠٦) ، هەروەها سەیری القوانين العربيّة المعرفة للتأمين ئەمەش یاسای ژمارە ٧٤٧لە قانوی میصریه ، وژمارە  ٧١٣ قانونی سوري ، وژمارە  ٩٥٠ لوبناني ، و ژمارە٩٨٣ عێراقي ، وژمارە٩٢٠ ئوردني ، وەسەیری کتێبی الوسيط عبد الرزاق السنهوري (٧ / ١٠٧٩) بکە.

٣) حاشية ابن عابدين (٤ / ١٧٠) .

٤) دەستەواژەی ( سوکوە ) دەستەواژەیەکی بەربڵاوە بەمانای گرێبەستی ( التأمين ) دێت کە وەرگیروە لە دەستەواژەی ( سیکورتیە ) ی فەرەنسی کە مەبەستی پێی ئەمان و دڵنیایی یە، سەیری کتێبی ( نظام التأمين ) ی شێخ مصطفى زرقا لاپەڕە ٢٣ بکە .

٥) سەیری ( النشأة التاريخية للتأمين بحث هيئة كبار العلماء بالسعودية ( لاپەڕە ٣٨) ،بکە لەگەڵ کتێبی : ( المعاملات المالية المعاصرة د. محمد شبير ( لاپەڕە ٩٧) ، وە کتێبی ( التأمين في الشريعة والقانون د. غريب الجمال)  (لاپەڕە ١١) .

٦) الإسلام والتأمين د. محمد شوقي الفنجري (لاپەڕە ٤٦ ، ٤٧) ، الاقتصاد الإسلامي مذهباً ونظاماً د. إبراهيم الطحاوي( بەرگی١ /لاپەڕە ٤٤٥ ).

٧) مجموعة رسائل ابن عابدين (٢ / ١٧٥) .

٨) کتێبێکی تایبەتی هەیە لەم بوارەدا بەناوی ( أحكام السوكرتاه )

٩) فتاوى المنابر (٤ / ١٦٤) ، (٣ / ٩٦٤)

١٠) لەکتێبی نظام التأمين للزرقا (ص ٦٧) وەرگیراوە

١١) عقد التأمين ضمن أعمال مهرجان ابن تيمية (ص ٤٢٠) .

١٢) أعمال المؤتمر العالمي للاقتصاد الإسلامي (ص ٥٥٣) .

١٣) الغرر وأثره في العقود (ص ٦٥٠) .

١٤) لەکتێبی رؤية شرعية في التأمين للشيخ عبد الله المنيع، وەرگیراوە .

١٥) فەتوای ژمارە ٥٧٠ / ٢ لەمێژووی  ١٨ / ٨ / ١٣٨٨هـ .

١٦) بڕیاری ژمارە (٥ / ١٠) لە مێژووی ٤/ ٤/ ١٣٩٧هـ .

١٧) لەمێژووی ١٣٩٩/٤/٤هـ .

١٨) لەمێژووی ١٤٠٦/٤/١٦هـ .

١٩) رواه مسلم بەژمارە فەرموودەی ١٥١٣ .

٢٠) زاد المعاد (٨٢٢/٥) .

٢١) مجموع الفتاوی ( بەرگی ٢٨ / لاپەڕە ٧٦ ) .

٢٢) التأمين وفقاً للقانون الكويتي د. جلال إبراهيم (ص ٣٠) ، وەسەیری: الوسيط للسنهوري (بەرگی٧ / لاپەڕە ١٠٨٦) بکە .

٢٣) نظام التأمين مصطفی الزرقا لاپەڕە ٥٧ .

٢٤) لەکتێبی الغرر للفرير وە وەرگیراوە لاپەڕە ٦٥٦ .

٢٥) سەیری کتێبی الإسلام ومشكلاتنا المعاصرة لاپەڕە ٦٤ بکە .

٢٦) التأمين ، الدكتور غريب الجمال لاپەڕە ٢٠٢ .

٢٧) العاقلة : لەشەرعدا بەخزم و کەس وکاری ئەو بکوژە دەڵێن کە کوشتنێکی بەهەڵەی لەسەر دەست ڕوویداوە، وە خزم وکەسو کارەکەشی بۆ ئەوەی کۆڵی سەرشانی ئەو خزمەیان سووک بکەن لە ئەستۆگرتنی خوێنی کەسی کوژراودا بەهەموو لایەکیانەوە ئەو خوێنەی بۆ دەدەن .

٢٨) نظام التأمين مصطفی الزرقا لاپەڕە ٦٢ .

٢٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٧ .

٣٠) التأمين نظرة شرعية للشيخ عبد الله المنيع .

٣١) گۆڤاری ( البيان ) بەناونیشانی حقيقة شركات التأمين د. سليمان الثنيان .

٣٢) سەیری کتێبی شرح القانون المدني الجديد د. محمد علي عرفة لاپەڕە ٦٧ بکە .

٣٣) الإسلام والتأمين د. محمد الفنجري، لاپەڕە ٧٠ .